لەکوێ دەمان دۆزنەوە ؟

لەم شوێنەدا لە ناوچەی گواستنەوەدا دەمان دۆزنەوە،
لەکاتی پرسیار کردن دا بە خۆشحاڵیەوە قسەمان لەگەڵ بکەن
(ئامۆژگاری ڕێکاری پەنابەری دیاکۆنی - یەلەک سەوزەکان).

بە کێی تر متمانەم هەبێت سەبارەت بە چیرۆکەکەم ؟

پەیوەندی بە فەرمانبەرانەوە بکە لە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئامۆژگاری ڕێکاری پەنابەری لە شوێنی نیشتەجێبوونتدا .

تێبینیەکانم:

_____

_____

_____

_____

_____

_____

دەتوانن زانیاری زیاتر بدۆزنەوە لە کۆکەرەوەی بەستەرەکانمان بۆ پەناخوازان
(بەردەوام نوێ دەکرێتەوە):

SCAN ME

Innere Mission
Diakonisches Werk Bochum e.V.
Fachdienst-Migration und Flucht
Asylverfahrensberatung in der
Landeserstaufnahmeeinrichtung
(LEA) NRW, Bochum
www.diakonie-ruhr.de

Gefördert durch:
Bundesministerium des Innern und für Heimat
aufgrund eines Beschlusses des Deutschen Bundestages

Diakonie Ruhr

Diakonie Ruhr

لاوازی (بێهێزی) لە پرۆسەی پەنابەری دا

Kurdisch Sorani

Folder Vulnerabilität im AV Kurdisch Sorani 2024-09-26.indd 1
26.09.24 08:36

ئاساییە، بە ترس و دڵەڕاوکێیەوە بی، ئایا پێویست دەکات چیرۆکەکەم بگێڕمەوە ؟

بەڵێ، بێگومان تێدەگەین،
کە هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکەیت.
کاتێک کە بەتەواوەتی بەڕووی
کەسێکی تەواو نامۆدا دەکرێیتەوە.
بەڵام دوودڵ مەبە، کەسی پەیوەندیدار لە ڕاوێژکاری
ڕێکاری پەنابەریت دا لەم بوارەدا ڕاهێنراوە.
پشتگیریت دەکات و بە نهێنی مامەڵە لەگەڵ
چیرۆکەکەت دەکات.

چ پشتیوانیەکم دەست دەکەوێت ؟

هاوکاری گونجاو وەردەگریت لە چوارچێوەی ڕێکاری
پەنابەری و پسپۆڕی لە ناوەندەکانی ڕاوێژکاری،
ناوەندی ڕاوێژکاری هەن، کە خۆیان تایبەتمەند کردووە
لە بوارەکان دا. تکایە بە ئازادی قسەمان لەگەڵ
بکە یان پەیوەندی بە کەسی پەیوەندیدارەوە
بکە لە شوێنی نیشتەجێبوون .

بۆچی گرنگە، ئاماژە بە لاوازیەکانت بدەی ؟

گرنگە، کە تۆ سەرنج بخەیتە سەر لاوازیەکانت،
بۆ ئەوەی پشتیوانی پێویست وەربگری،
بۆ نمونە لە ڕێکارەکانی پەنابەری دا،
لەشوێنی نیشتەجێبوون یاخود لە چاودێری پزیشکی دا .

کەی پێویستە ئاماژە بە لاوازیەکانم بدەم ؟

لە کاتی تۆمارکردن دا، یاخود بەلای کەمەوە
لە شوێنی نیشتەجێ بوون، ئەوەی کە تێیدا جێگیر دەبی،
پێویستە لە کاتی ئامۆژگاری ڕێکاری
پەنابەری ئاماژە بە لاوازیەکانت بدەی .
ئامۆژگاریەکان لەلایەن کەسێکی پرۆفیشناڵەوە ئەنجام دەدرێت.
لە چوارچێوەیەکی نهێنی و پارێزراو دا.

واتای لاوازی چییە لە پرۆسەی پەنابەری دا ؟

بەپێی مادەی 21 ی Aufn-RL سیاسەتی
تۆمارکردن ئەم کەسانە لەخۆ دەگرێت :

- منداڵانی بێ سەرپەرشتار و
  خوار تەمەن 18 ساڵ (UM) .
- بەساڵا چوان .
- کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت .
- دوگیانەکان
- کەسانی بێ هاوسەر لەگەڵ منداڵانی
  خوار تەمەن 18 ساڵ .
- قوربانیانی بازرگانی مرۆڤ .
- کەسانی توانای لاوازی جەستەیی سنوردار .
- کەسانی تێکچوی دەروونی .
- کەسانی ، ئەشکەنجە ، دەستدرێژی کراو یان
  هەر ئاستەنگیەی لەو شێوەیە

دەروونی، جەستەیی، یاخود بە توندوتیژی سێکسیەوە ئەناڵێنن .
جگەلەوەش کۆمەڵە کەسانێکی تر هەن، ئەوانەی بەتایبەتی
پێویستیان بە پشتیوانی هەیە بۆ نمونە ئەوانەی ڕاوەدوو
نراون بەهۆی مەیلی سێکسیەوە یاخود نەخوێندەوارەکان .

Diakonie Ruhr